# وەزارەتی ناوخۆی تشیك، یەكێتی لاوانی كۆمونیست قەدەغەدەكات!

سەلام عەبدوڵا

October 18,2006

سەرەڕای ناڕەزایەتی جیهانی، وەزارەتی ناوخۆی كۆماری تشیك، بڕیاری قەدەغەكردنی رێكخراوی(یەكتی لاوانی شیوعی) دەردەكات. لە رۆژی دووشەمە، بەرپرسانی رێكخراوی ناوبراو، نامەكەی وەزارەتی ناوخۆیان بەدەست گەیشت و تێدا ئاماژەكراوە بە هۆی قەدەغەكردنیتن: یەكێتی لاوانی كۆمونیست لە بەرنامەكەیدا بە پێویستی دەزانێت، موڵكایەتی تایبەتی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان لەلایەن موڵكایەتی كۆلێكتیف شوێنی بگرێتەوە.
لە دیسەمبەری ساڵی رابردوودا، وەزارەتی ناوخۆ هەڕەشی یاساغكردنی ئەم ریچكخراوەی كرد، ئەگەر بەرنامەكەیان نەگۆڕن. لەو كاتدا وەزارەتی ناوبراو(كاركردن بە گوێرەی ماركسیزم لینینیزم) بە نایاسایی ناونووس كرد و داوای لە لاوە كۆمونیستەكان كرد ئەم پەرەگرافە لە بەرنامەكەیان بگۆڕن:(بۆیە یەكێتی لاوانی كۆمونیست لە پێناو روخاندنی سیستێمەی سەرمایەداری خەباتدەكات)

لە دژی هەڕەشەی قەدەغەكردن، هەزاران پارتیزانەكانی موقامەت لەدژی  فاشیزم، چەندین رێكخراوی لاوان، سەندیكا و پەرلەمێنتار لە سەر ئاستی جیهان ناڕەزایەتی خۆیان دەرخست و لە پاڵیانەوە هەلگری خەڵاتی نۆبڵی لیتراتۆر(داریو فو)، كۆرانیبێژی رۆك(بۆنۆ)سەر تیپی(ئو2)، رابەری ساپاتیستەكان(كۆماندانت ماركۆ) لەدژی بڕیاری ناوبراو دەنگیان هەڵبڕی.

سەرۆكی لاوە كۆمونیستەكان(رادیم گۆندا) لە رۆژی سێشە رایگەیاند كە رێكخراوەكەی لەبەردەم دادگا لە دژی ئەو بڕیارە رادەوەستێ و ولە راگەیاندكەیاندا هاتووە: سەررای قەدەغەكردنمانن رێكخاوەكەمان درێژە بە خاباتدەدات لە پیچناوی مافی زۆربەی گەنجان و هەروەها لە پێناو سۆسیالیزم).شایانی باسە حزبی شیوعی تشیك سێهەم هێزە لەناو پەرلەمان ونزیكەی 100 000 ئەندامی هەیە.

بژۆیرنبلاخ(بەرپرسی هاریكاری نیونەتەوەی سكرتارییەتی لاوە كرێكارە سۆسیالیستەكانی ئەلمانیا) وتی: بەبڕوای ئێمە، دەبێ ئەو قەدەغەكردنە لە پێوەیوەندی بە دەستپێشخەرییە ئەنتی كۆمونیستییەكەی یەكێتی ئۆروپا ببینرێت).
هەروا لە دژی بڕیاری قەدەغەكردنی رێكخراوی یەكێتی لاوانی كۆمونیست لە كۆماری تشیك، بۆ ئیمرۆ یەكێتی لاوانی كۆمونیست لە یونان بانگەوازی پرۆتێستكردن لە بەردەم سەفارەتی تشیكی لە ئەسین كرد.

كاتێ كۆمەلگەی مەدەنی لە ئۆروپا و سیستێمەكەی(موڵكایەتی تایبەتی كۆمپانییە زلهێزەكان)، چەكسازی، بێكاری، پۆرنۆگرافی، فاشیزم، راسیزم، چەوسانەوەی جۆراوجۆری ژنان و كرێكاران و لە ئاستی فكر، ئەنتی كۆمونیزم بەرهەمدەهێنێت وهەوڵی قەدەغەكردنی ئەم رێكخراوە دەدات...هتد، ئەوا ئاساییشە شیوعییەكان وەك بەرەی بەرامبەری ئەقلانیترین و چەوساوەترین هێزی ناو هەر كۆمەلگای ئەمرۆ جیهان، ماف وئەركی ئەوەی هەیە خەبات لە پێناو لەناوبردنی موڵكایەتی تایبەتی بگا و مرۆڤایەتی لە كۆت و زنجیری كۆمەلگای مەدەنی و قوناغەكەی(جیهانگیری سەرمایە)، رزگار بكا!.

18.10